www.kurdistannet.org

# تێبینیەک دەربارەی ( ریفراندۆم دەربارەی چی؟ )

**{(ئەگەر بتانەوێ بەڕاستی(ریفراندۆم) ئەنجام بدرێت؟.....لێرەوەیە دەپرسم: کە داوای ریفراندۆم دەکەین:١ ـ دەربارەی چی؟ ٢ـ کێ زامنی جێبەجێکردنی ئەنجامی رێفراندۆمەکەیە؟ ٣ ـ ئایا هەل و مەرجی تەواوی ناوخۆمان رەخساوە؟) رۆژنامەی خەبات ـ ژمارە ١٢٥١ ـ لاپەڕە ٣ فەلەکەدین کاکەیی ـ بەغدا}.**

ئەو پرسیارانەی کاک فەلەکەدین کاکەیی گەلێ گرنگن.

با لە **سێهەم** پرسیارەوە بۆی بچین.

یاسای ژیان واتە بەربەرەکانێ لە گەڵ نەمان!

وەک دەزانین کوردستان لە نێوان ئێران، ئێراق، تورکییە و سوریەدا بەش کراوە، میللەتی کوردستان سەبارەت بە ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی،... کوردستان بێدەسەلاتە! ژیاننامەی لە تاران و بەغا و ئەنکارا و دمشقەوە بۆ دیاری دەکرێت.

بە هۆی ئەو سیاسەتەوە خۆی و نیشتمانەکەی بەرەو نەمان دەڕوات، بەلام دەستی داوەتە بەربەرەکانێ لە گەڵ ئەو بارودۆخەدا، بۆ درێژدان بە ژیان بەردەوام لە ململانێدا بووە و هەیە. ئەم زۆرانبازییە لە باشووری کوردستان لە ماوەی تەمەنی حکومەتی عیراقدا بێپسانەوە لە ئارادا بووە! بەهۆی ئەو ململانێیە حکومەتی ئێراق چەندین جار چۆکیدا داوە و هاتووەتە پای وتووێژ کردن!

داگیرکردنی کوێت لە لایەن ئێراق و جەنگی ٩١ی هاوپەیمانان بۆ وەدەرنانی لەشکری ئێراق لە کوێت بوو بەهۆی لاوازی دەسەلاتی ئێراق لە کوردستان. ڕاپەڕینی ساڵی١٩٩١و کۆڕەوەکەی ٩٢ ناوچەی ٣٦دەرجە و دەنگدانی میللەتی کوردستان لەو بەشەی کە ئازاد کرابوو بووە هۆی پێکهاتنی نیمچە حکومەتێک. ئەو نیمچە حکومەتە بووە چرای دنیای ئەنگوس لە چاوی هەموو کوردستان! ئەوەیش پاش وێرانبوونی ٤٠٠٠ گوند، ئاوارە و دەربەدەر بوونی خەڵکەی، بێ سەروشوێن بوونی١٨٠٠٠٠ کەس و شیمیاییبارانی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٨٦و٨٧ و ٨٨ لە لایەن دەوڵەتەکانی ئێراقەوە، پێک هاتووە. راستی کام میللەت لە پێناو رزگاری لە چنگ داگیرکەر ئەوندەی زیان بینیوە؟ لە بارەی ئێراقیشەوە لە رۆژی دامەزراندنی ئێراق لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیز کە مەلیک لە مەکە قەرز دەکات و فەیسەڵ دەکات بە

پادشای ئێراق، کاتێکی وەها نەهاتوەتە پێشەوە، ئەمرۆ ئێراق لە پاشاگەردانی دایە و وەک دەوڵەتێک نەماوە. ئایا کات و هەرمەج لەوە باشتر بۆ کورد دێتە پێشەوە؟

وەک دەبینین ئەمرۆ لە شارەکانی بەغا و بەسرە و فەلوجە.... رۆژ نییە پەلاماری سەربازەکانی ئەمریکا و ئینگلیز نەدەن، بەڵام لە کوردستان بە شێوەیەکی دیکە لە گەڵیان رووبەرروو دەبنەوە و هەڵسووکەوتیان لە گەڵدا دەکەن!

ئەو دوو هەڵوێستە مانایەکی تایبەتی هەیە. لە لایەکەوە بۆ میللەتی کوردستان پێویست نییە بەرژەوەندی ئێراق بپارێزت، لە لایەکی دیکەوە حکومەتەکانی داهاتووی ئێراق، هەروەها جهانی ئیسلام و عەرەب و دەوڵەتانی دراوسێی کوردسان ئەو هەڵوێستەی میللەتی کوردستان فەرامۆش ناکەن. سەعدی شیرازی دەڵێت:

افعی کشتن و بچه نگه داشتن کار خردمند نیست.=

ئەژدیها کوشتن و بەخێوکردنی بێچووەکەی کارێکی عاقڵانە نییە.

پێشینان دەڵێن: بەدەستی خۆت مار پەروەردە مەکە بۆ گیانی خۆت.

ئایا ئەوانە وەڵامێک نییە بۆ ئەو **پرسیارەیان**.

جێگەی داخە پارتی و یەکێتی لە بری ئەوەی لە خەمی کوردستاندا ببن و داوا لە جهانیان بکەن بێن بەیارمەتی کوردستانەوە، وان لە خەمی زیندوو کردنەوەی ئێراقدا.

**پرسیاری دووهەم**:.

کێ زامنی جێبەجێکردنی ئەنجامی ریفراندۆمەکەیە؟

ئەو پرسیارە لە لایەن کەسێکی وەک کاک فەلەکەدینەوە هەڵەیەکی مەزنە!

پەندێکی فارسی دەڵێت: چو دانی و پرسی سئوالت، خطاست! = تۆ کە شتێک بزانیت و لەو شتەیش بپرسیت، پرسیارەکەت هەڵەیە!

وەک دەزانین تا پێش رمان ‹ یەکیەتی سۆڤییەت› سیاسەتی جهانی لە نێوان ‹ ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپای رۆژئاوا› لە لایەک ‹ سۆڤییەت و هاوپەیمانانی› لە لایەکی دیکەوە دیاری دەکرا، بەڵام پاش رووخانی سۆڤییەت بەگشتی و شەڕی ١٩٩١ی هاوپەیمانان بۆ دەرپەڕاندنی ئێراق لە کوێت بەتایبەتی، دەسەڵاتی سیاسی جهان بە دەست ئەمریکاوەیە. ئورووپای رۆژئاوا .... لە بەرانبەر سیاسەتەکانی ئەمریکادا زۆرجار سەریان بێ کڵاو ماوەتەوە.

با بۆ وەڵامی: (کێ زامنی جێبەجێکردنی ئەنجامی ریفراندۆمەکەیە؟) لە نووسراوەیەکی کاک فەلەکەدین سود ببەین، کە بەم جۆرەی نووسیوە:{(**لە ماوەی ‹ دە › رۆژدا هەندێک رووداوی بە خۆوە بینی. نەک هەر کوردستانی هەژاند.**

**بەڵکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەژاند کاری کردە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتیش. تەنانەت رۆژنامە نووسێک دەنووسێت و دەڵێت: ئێستە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا مەسعوود بارزانی دایدەنێت. واتە کاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا کردووە.) گۆڤاری گوڵان ژ** «٨٧» ١٩٩٦/٩/١٩ **راوێژکاری سیاسی سەرۆک بازانی. فەلەکەدین کاکەیی**}.

بە پێی لێکدانەوەی ئەو رۆژنامەنووسە و کاک فەلەکەدین زامنی جێبەجێ کردنی ئەنجامی ریفراندۆمەکە بۆ کورد کارێکی زۆر گران نییە. راستی بەرێز کاکەیی و ئەو "رۆژنامەنووسە" لە رووی واقعی و بەرژەوەندی کوردستانەوە رابەڕانی حیزبەکانی کوردستان هەڵدەسەنگێنن، یا لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا؟

لە دنیای ئەمرۆدا چەندها دەوڵەتی بە توانا دەبینین کە خاوەنی هێزی سەربازی مەزنن، هەروەها هەزاران تانگ و تۆپ و فرۆکە و بومیان هەیە، بەلام لە بەرانبەر سیاسەتی ئەمریکادا نەک هیچیان لەدەست نایەت بەڵکوو بووەن بە پاشکۆی ئەمریکا. دەسەلاتی ئابووری، رێبازی سیاسی دیاری دەکات! راستی دەسەلاتی ئابووری شۆڕشی کوردستان ئەوندە بە هێزە، کە لە سەر سیاسەتی ئەمریکا کارایی ببێت.

جێگەی داخە بەرپرسانی بەرێزی پارتی لە بەرانبەر ئەو جۆرە نووسراوانەدا بێدەنگ دەبن! بێدەنگی خۆی مانای پەسەند کردنە، ئەوەیش لە باری سیاسییەوە بە زیانی شۆڕشە و لە باری کۆمەلایەتیشەوە دەمانباتەوە بۆ دواوە و دەمانخاتە سەر رێبازی تاکپەرستی! لێردە دەڵێم:

چ نارەوایە بە هێدی بلێی هەراش
چ بەدە بە بەدلاریش بلێی پیاوچاک و باش
چ جوانە هەر کەسە کارنامەی خۆی بەیتە دەستی
نە وەسفی زیادە لە کەس کەی نارەوایش هەڵبەستی.

*

دیارە نابێت ئەو هەڵوێستەی کاک مەسعوود رابەری پارتی سەبارەت بە هێنانی لەشکری تورکییە لە لایەن ئەمریکاوە **فەرامۆش بکرێ و بەکەم بەها دابنرێت کە رایانگەند: دەس لە کار دەکێشێتەوە!**

بەلام با بزانین کێ دەتوانێ زەمانەتی جێبەجێ کردنی ئەنجامی ریفراندۆمەکە بکات؟ جگە لە میللەتی کوردستان هیچ کەسێکی دیکە شایستەتر نییە بۆ ئەو کارە! ئەویش ئەوەیە کە بەیەک دەنگ داخوازی خۆیان بە روون و ئاشکرا بخەنە بەردەم

دانیشتوانی ئەم جهانە، و دوا ڕۆژی دەسەلاتی سیاسی کوردستان دیاری بکەن.
ئەوەیە مانای ڕاستەقییەنەی جێبەجێکردنی ئەنجامی ریفراندۆمەکەیە!
بەپێی ئەو داخوازییە دەتوانێ داوا بکات لە ڕای جهانی پشتیوانی لێبەکەن، بەلام کاتێک میللەت نەزانێ داوای چی دەکات، خەلک چۆن پشتیوانی لێبکات .
ئەگەر هاتوو پشتیوانیان لێ نەکرد، لەو کاتەشدا میللەت تاوانبار نییە، بەلکو بە ئەرکی خۆی هەستاوە داوای مافی ئینسانی خۆی کردووە و کارەکەی جێگەی سەربەرزییە.
بەلام با لێرەدا ئەم پرسیارە بخەینە بەردەستی کاک فەلەکەدین: تا ئێستا لە کام پرۆسەی سیاسی کوردستان، لە کام کار و باری سیاسی حیزبەکان بەجورە لێپرسینەوە کراوە؟
بۆ دەربارەی کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ( پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ‹ پارتی› و‹ یەکێتی›دا کە چەندین سالە لایەنی دەرکی و ناوەکی هەولی بۆ ئەدەن و تەنانەت سەری سالی ٢٠٠٣ کاک مەسعوود و مام جەلال لە گەل ئەوەدا کە داوای لێبوردیان کرد لە میللەت و بەلێینی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردستانیان بە میللەت دا لێپرسینەوە ناکەن.
با برۆینە سەر گرنگترین پرسیارەکەیان واتە( **ریفراندۆم دەربارەی چی؟**).
ئەو پرسیارە لە لایەن ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتییەوە هاتوەتە ئاراوە. میژووی سیاسی پارتی لە باشووری کوردستان" کوردستانی ئێراق" ٥٧ سالە. هەر ڕێکخراویەکی سیاسی بۆ مەبەستێک خەبات دەکات، لەو ڕێبازەیشدا هەم زیان دەبینێت و هەم زیان بە دوژمنی خۆی دەگەیەنێت. **ڕادەی شەهیدەکانی (پارتی وەک ڕێکخراوەیەکی سیاسی و سەربازی ناو شۆڕشی کوردستان. و شەهیدەکانی میللەتی کورد) لە بەرانبەر دەولەتی ئێراقدا لە ماوەی ئەو ٥٧ سالەدا لە پێناوی چیدا بووە؟ بۆ چ مەبەستێک بووە؟**
هەموو داگیرکەرانی کوردستان، هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەولەتانە بە چەپ ڕاستەوە، بە میللی و مەزهەبییەوە دەزانن شۆڕشی کوردستان بۆ چ مەبەستێکە. با بە نموونە باسیان بکەین، لێرەدا تەنیا هەلوێستی دوو ڕووناکبیری فارس لە پاش ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١ی باشووری کوردستان دەخەمە بەردەستان کە بەم جۆرەیە:
{(**کوردەکان بەیارمەتی ولاتانی ئیستعماری تازەی ڕۆژئاوا هەستاون بۆ پارچەپارچە کردنی ولاتانی ئەم ناوچەیە. کە وایە ئەرکی ئێمە ئێرانییەکانە بە گوێرەی توانای خۆمان بۆ دامرکاندنی ئەو پیلانە نێونەتەوەییە بۆ**

**بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی ئێران پەنا بۆ هەر شتێک بەرین). کەیهان لەندەن ژمارە ٤١٢ کەتانەی سوڵتانی**}.

{(**لە کاتێکەوە دەست تێوەردانی ئەمریکایان بۆ دەرکەوتووە. فیلی ئەمانە یادی هێندوستان ئەکات و ئایندەنگرەییان لە چوارچێوەی نەتەوەییدا گوڵ ئەکات و خێرا ئەکەوەنە فکری خێروبێری ئەم جەنگە بۆ کورد و سەربەخۆی کوردستان**.). **کتێبی بحرانی خلیج و رویدادهای کردستان عراق. ل ٥٠٠ مەنسور حیکمەت**}.

خۆشبەختانە کاک فەلەکەدین لە نووسراوەکەیاندا ئاماژەیان بە مەسئەلەیەکی گرنگ کردوە ئەوەیش بەڕێوەچوونی ریفراندۆمە لە( تەیمووری رۆژهەڵات).

با لێرەدا ئەو پرسیارەیان ئاراستە بکەین: ئایا ناکرێت لە کوردستانیشدا وەک (تەیمووری رۆژهەڵات)و (ئەریتریا) ریفراندۆمێک بۆ هەمان مەبەست بەڕێوە بچێت؟.

گرێکوێرەی ئەوەی کە کاک فەلەکەدین دەپرسێت (ریفراندۆم دەربارەی چی؟) بکرێت ئەم چەند دێڕەی خۆیانە:{( **لە بارەی عێراقیشەوە ئێمە رامانگەیاندووە کە کوردستان بەشێکە لە عێراق پارتی بە بەڵگە سەلماندی کە باشترین پارێزەری سەروەری هەرێمەکەیەو سەروەری عێراقیشە**.....) **گوڵانی ژمارە** ‹ ٨٧ › **فەلەکەدین کاکەیی راوێژکاری سیاسی سەرۆک بارزانی**. ١٩٩٦/٩/١٩}.

دیارە نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە (**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**)یش زۆر جار باسی پاراستنی یەکپارچەیی ئێراقی کردووە!

ئەوەی کە سیاسەتی جهانی ستەم و ناڕەوایی دەربارەی میللەتی کوردستان ئەنجام دەدات و کوردستان دەبەستێتەوە بە ئێران، ئێراق، تورکییە و سوورییە، ئەوە تاوانی میللەتی کوردستان نییە، بەڵام ئەوەی کە رووناکبیران و رابەرانی حیزبەکانی کوردستان بڵێن ئێمە سەروەری ئێراق و ئێران و .... دەپارێزین ئەوە مایەی ئەسەف و جێی بیرکردنەوە و پەنجە گەستنە! ئەرکی رووناکبیری کوردستان و حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان ئەوەیە کە ئێمە وەها پەروەردە بکەن کە بە چاوی بێگانە و داگیرکەر سەیری ( لەشکر و سپا، دەمودەزگای ئیداری، دەستوور و ئاڵای) ئێراق و ئێران و تورکییەو سوورییە بکەین جا چ هی دەورانی پادشایی، یا هی دەورانی کۆماری بێت، بەو جۆرە لێیان بڕوانین! نەک بە هی خۆمانیان بزانین لە خەمی پاراستنیاندا بین!

ئەگەر بەو سیاسەتە میللەت پەروەردە بەکەن، داگیرکەر با سەرتاپای کوردستانیش داگیربکات بەڵام ناتوانێ دڵی میللەت داگیربکات، کوردیش چ لە کوردستان بێت یان لە دەروەی کوردستان بە هەمان چاوی داگیرکەر لێیان دەروانێت.

تەنیا رێکای رەزگاری میللەتی کوردستان لە ژێردەستەیی و ئازادی کوردستان لە چنگ داگیرکەران ئەوەیە کە ئەگەر بە کوردێک بڵێن تۆ ئێراقیت، تۆ ئێرانیت، تۆ سورییەیت، تۆ تورکییەیت خۆی بەکۆیلە و سەرشۆڕ بزانێت، بۆ ئێمە پێویستە کوردستان بە نیشتمانی خۆمان بزانین، جا چ بە یەکپارچەی بێت، یان بەم چەن پارچەیی وەک ئەمرۆ. لە پەنای ئەو ئیدئۆلۆژییەدا نابێت بە چاوی سوک و بێ بەها سەیری دراوسێکانی کوردستان بکەین، راستی ئەو هەموو کارەساتە بە سەر میللەتی کوردستان هاتووە بۆ ئەوەیە کە بە کوردی بنووسێت و بخوێنت، پیپەتکانی ‹ ص، ط، ض، ذ› ببن بە ‹ س، ت، ز›، یان جێگۆڕکێ بە چەن وەزیرێکی کورد بکرێت و لە بری ‹ مەعرووفەکان› ‹ هوشیار و رەشیدەکان› ببن بەکارگێڕی ئێراقی داهاتوو.

٢٠٠٣/١١/١٠ سەعی سەقزی، ستۆکۆڵم